# هاتنە دەرەوە لە دەرەوە

زانا خەلیل

نامەوێ نە لە پێش کەس و نە کەسیش پێشم بکەوێ،
نامەوێ نە گەورەتر و نە بچووکتر
نە بڵندتر، نە نویتر،
نە سەرکەوتووتر نە دۆڕاوتر،
نە بەهێزتر نە لاوازتر..
نا نامەوێ
نە کەس بمبەزێنێ و نە کەس ببەزێنم،
ئەو دنیایەی من، تەنیا دنیای منە
گەورەیی و بچووکیم
نوێ و بڵندیم
لاوازی و بەهێزیم
سەرکەوتن و دۆڕانم و
بەزین و نەبەزینم هەمووی بۆ خۆم
وا ئارامم..
سەرزەمین و ئاسمان و
بەهەشت و ئاگرم، هەر هەمووی بۆ خۆم.



### دۆزینەوەی دۆزینەوە

کێ شەڕی داهێنا؟ کێ ئاگری دروستکرد؟
کێ داهێنەری داهێنا و
کێ دروستکاری دروستکرد؟
کێ لە خۆشەویستی ڕقی دۆزییەوە و
کێ لە ئاگردا ڕووناکی و سووتان؟
کێ لە داهێنەر و دروستکار
پەرستن و کوشتنی دۆزییەوە؟
کێ لە ئاودا خنکان و ڕوانی دۆزییەوە؟
کێ لە بەردا بێدەنگی و ڕەقیی و
لە مۆسیقادا ئارامی و تۆفانی دۆزییەوە؟
کێ لە مرۆڤدا ئەو هەموو گورگ و
کێ لە مندا
ئەو هەموو تۆیەی دۆزییەوە؟

**زەمەن دایک و باوکی نییە**

هەنگاوەکانت خۆشحاڵانە بدە شەقام
زەمەنی تۆ هیچ دایک و باوکێکی نییە،
ڕەنگ ڕەنگ،
ڕەنگەکانت دەوەرن لە پێستتدا.
دڵۆپ دڵۆپ،
بینین لە چاوەکانتدا سڕ دەبن.
سەهۆڵ سەهۆڵ،
دەتنووسێتەوە زەمەن.
هەنگاوەکانت خۆشحاڵانە بدە شەقام
زەمەنی تۆ هیچ دایک و باوکێکی نییە.
بڕۆ بۆ خۆت..نزیک یا دوور..بۆ خۆت بڕۆ
بەڵام بزانە
"سەعاتەکانی تۆ
هیچ خوشک و برایەکییان نییە".

**ئەگەرەکان لەپێناو زیندوو مانەوە**

ئەگەر لە ترسی نەخۆشی نەوێرم
جگەرەیەک داگیرسێنم..
ئەگەر لەبەر پارە و ترس لە نەخۆشی نەوێرم
پێکێک بخۆمەوە..
ئەگەر لەبەر پارە و ترس لە کوشتن نەوێرم
عاشقی ژنێک بم..
ئەگەر لە ترسی مانەوەم بە زیندوویەتی نەوێرم
جگەرەیەک داگیرسێنم و
پێکێک بخۆمەوە و
عاشقی ژنێک بم،
مانەوەم بە زیندوویەتی یانی چی؟

**لەو شوێنەی ئازادیی لێ نەبێ من ئازادم**

لە پشت "مزگەفتی سپی"
ئەو شوێنەی کە بە منداڵی
تێیدا خۆڵم خوارد و سۆریکەم گرت.
لەو شوێنەی کە لە تەیارەی ئێرانی ترسام و
تۆپانێم کرد و
قورئانم ختم کرد و ئازادیی لێ نەبوو
لە گەورەییمدا پێت گوتم:
لە پشت "مزگەفتی سپی"
ئەو شوێنەی تێیدا خۆڵت خوارد و سۆریکەت گرت،
لەو شوێنەی کە لە تەیارەی ئێرانی ترسایت و
تۆپانێت کرد و
قورئانت ختم کرد و ئازادیی لێ نەبوو
دەبێ ئازاد بی.
پێت گوتم:
لەو شوێنەی کە ئازادیی لێ نییە دەبێ ئازادبی
"لەو شوێنەی کە ئازادیی لێ نییە تۆ ئازادی".